کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-9-2007 21:46بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## نیشتیمان و منی سەهۆڵ ... حەمەشوان شەریف

20070413

سالآنێکە دڵی شکاو، بۆ سەفەرم بووبەسەهۆڵ
نە نیگایەک تێم ئەڕوانێ و نەگریانم بوو بەدەهۆڵ
من بارانی شەوانێکم سوورئەزانم بێدەنگ ئەمرم
نە شەپۆلێک پرسەئەگرێ و نەکەناری هیواکانم
ژیانی من توایەوە لە ژێر چەتری نامۆیدا
هەروەک بەفر بووم بە پەیکەر لەسوچێکی وێرانەدا
نە مۆمێ شکئەبەم بۆ تۆ نە زریانێ لە یەقینم
کەچی تابێ شیرین تری بەفرو چاوی نیشتیمانم
دەئەی ژیان کۆمکەرەوە، خۆڵەمێشە ئەم ڕۆژگارە
نە ئەرخەوان پێئەکەنێ و نەمۆردانەش گوڵی پێ یە
من بەتەنیا خۆرێکم بوو لە خەونێکی خۆزگەیەکما
کەلەبچەبوو ئەو خۆزگەیەم بووبە سەهۆڵ لە ژینما.
نەگۆرانی داڵدەمئەداو نە هەتاوێ تێ مئەڕوانێ
وەرە ناخم بۆتاویکیش گوێی لێبگرە چۆن ئەسووتێ
نیشتیمانی پرچ سپیشم ورد ورد خەمی لێئەڕژێ
لەگەڵ ئەودا تێکەڵئەبم تا بە گریان دامبپۆشێ

Hamashwan1@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.